# شەڕەکانی ماف لە ڕونگەی فەلەسەفەی سیاسییەوە

## هەندرێن

ژیانی کورد بە گشتی شەپۆلێکە لە شەڕگەلی ماف. بە تایبەتیش لە پاش ڕاپەڕینە پڕ بەهاکەی جەماوەری کوردستان لە ساڵی 1991 و بەدواهاتینی شەڕێکی وێرانکارانەی بەناو شەڕی "براکوژی"، دواجاریش شەڕی "ئازاد کردن"ی عێراق و تەپینی ڕژێمی سەددام، کێشەی ئەو شەڕانە ئاسۆی فرە وەر دەگرن. هەرچەندە لە پانتایی قسە کردنی ئێمەدا سەبارەت بە کێشەی ماف و بەڕەوا کردنی شەڕ شتگەلێکی فرە دەوترێ، بەڵام سەرچاوەکانی شەڕگەل، هێندەی بە سادە دەکرێنەوە، ئەوەندە بە هزر ناکرێن. تا ئەمێستاش ئاخاوتن و شرۆڤەکانی مرۆی خوێندەواری کورد، بە تایبەتی ئەو ڕۆناکبیرانەی کە لای پێخەمبەرخوڵقێنەکان "موفەکیری" گەورەی کورد و ڕۆژگارن، لەسەر ئەو ڕووداوە سیاسی و سەربازییانە، تەنیا لەسەر ڕووە دەرکیەکەی، مەدیاییەکەی شەڕەکان چەقدەبەستن. دواجاریش دەکرێ بگووترێ لای ئێمە ئەو قسانە، نە دەبنە ڕاڤەیەکی تێوری بۆ ڕەهەند و هۆکارەکانی ئەو شەڕە براکوژی، حیزبی، خێزانی و شەڕەکانی تر، کە بەشێکی گرینگی لە بوونی کورد تەنیوەتەوە، نە دەبنە ڕاڤەیەک بۆ ئەو هۆکار و سەرچاوانەش، کە سیاسەتی ئەمریکی و ئەوروپایی سەبارەت بە ڕەوایەتی شەڕەکانیان پشتی پێدەبەستن. ئاشکرایە بنەمای سیاسەتەکانی هەر یەک لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، درێژەپێدان و دەوڵەمەند کردنی سەرچاوە فەلسەفی و کولتوریە کۆنینەکانی مێژووی فەلسەفەن، بە تایبەتیش هزرەکانی " پرۆژەی ڕۆشنگەری"، کە ڕوانگە فەلسەفیەکانی ئەو پرۆژەیە دەبنە بڕبڕەی پشتی هەموو دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئەمریکا و ئەوروپا.
بەهەمەحاڵ، ئەوەی ئەم نووسینە دەیەوێ ئاماژەی بۆ بکا، ڕاستی و ناڕاستی کێشەی شەڕەکان نیە، بەڵکو نمایشێکی خێرای ئەو هێڵە فەلسەفیانەن، کە ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە و هەیە لە بە ڕەوا کردنی مافی کۆمەڵایەتی و مافی شەڕەکان، بە تایبەتیش لە دەوڵەتە تازەباوە-مۆدێرنەکاندا. کەواتە ئەو مافانە چین کە فەلسەفە بە ڕەوا کردن و ناڕەواکردنی شەڕە دەوڵەتی و ناواخۆیەکان دەیبەخشێ؟ لەم ڕوانگەیەوە ئەم نووسینە هەوڵدەدات ئەو بیرۆکە فەلسەفیانەی ماف، بە تایبەتی ئەو فەیلەسوفانەی کە تا ئەمڕۆش گرینگیان هەیە لە فەلسەفەی سیاسیدا، وێنا بکات.

ماف یەکێکە لەو کۆڵەگە گرینگانەی دەوڵات وکۆمەڵگا، بە تایباتیش لە دەوڵاتی تازەباودا، کە فەلسەفە بەرهەمهێنەریەتی، دواجاریش لە سەروبەندی ڕۆژگاری "ڕۆشنگەری" یەوە ئەو ڕوانینە فەلسەفییانە سەبارەت بە ماف دەبنە یاسا بۆ کۆمەڵگا و دەوڵەتە تازەباوەکانی ڕۆژئاوا.
لە ڕوانگەی ئەم مەبەستەوە، وەک پێشدەستییەک بۆ مێژووی ئەو مافە فەلسەفییە کەمێک لەسەر پلاتۆ Plato 347 -427پ.ز و ئەرستۆ Aristoteles 322-384 پ.ز، کە بە ڕوانگەی هزرڤانانی ئەمڕۆش، تەواوی هزر و زانیارییەکانی فەلسەفەی تازەباو، مۆدێرن تەنیا پەراوێزن بۆ تێز و تیۆرییەکانی ئەو دوو فەیلەسوفە گرێکیە. هاوکاتیش ڕوانگەکانی ئەو دوو فەیلەسوفە دەبنە بنەمایەک بۆ ئەو مافە فەلسەفیەی کە لە سەردەمی "ڕۆشنگەری"یەوە دەبێتە یاسای دەوڵەت. ئەوە گرینگە بوترێ، کە مافی فەلسەفی تازەباو جەختی لەسەر بە ڕەوا بوونی یاسا دەکاتەوە، لێ ئەو مافەفەلسەفیە لە فەلسەفەی کۆنباو، کلاسیکی، وەک شتێکی بەڵگەنەویست، کە ماف و ڕەوشت یەک مانایان هەبوو. بۆ نموونە: "لە Antigone ململانێیەک هەبوو لە نێوان یاسای داب و نەریت و یاسای داڕێژراوی پاشادا. "(1) لەو ململانێیەدا کێبەرکێیەک هەبوو، بەڵام ئەرکی ئەو ململانتیە لە گوتاری تازەی فەلسەفەدا جێگەی نابێتەوە.

لە روانگەی پلاتۆوە، کە گوتمان سەرچاوەیەکی پڕ نرخە بۆ، بووناسی، ئێپستمۆلۆگی، مێتافیزیک، ئێتیک، و مافی فەلسەفی، راستی (هەقیقەت) دەبێتە دەسپێک بۆ هەموو گفت و کردەیەک. چونکە راستی مانای واقیع، یان ژیان خۆی دەگەیەنێ. پلاتۆ لە هاوکێشە ماتماتیکیەوە بیرۆکەی راستی شیدەکاتەوە: "ئەگەر ئێمە وا تێبگەین کە X مەسەلەیەکە لە واقیعدا، ئەوکات ئەو تێگەیشتنە راست دەبێ. کاتێ ئەو تێگەیشتنەی ئێمە راستە کە توانی کتومت شتێک دەستنیشان بکا، کە پەیوەندی بە واقیعەوە هەبێ. ئەگەر ئەو تێگەیشتنەی ئێمە پەیوەندی بە واقیعەوە نەبوو، ئەوە ساختە دەبێ". (2) کەواتە وەک دەبینین مەسەلەی راستی بەندە بەوەی کە ئێمە چۆن لە واقیع تێدەگەین. بۆیە دەکرێ شتێک راست بێ، بێ ئەوەی ئێمە زانیاریمان لە بارەیەوە هەبێ.

ئەو تێڕوانینە بابەتەکی – سۆبێکتیڤە لە راستی ئەوە دەگەیەنێ، کە شتێک دەکرێ راست بێ، هەرچەندە کە بوونی نەبێ و ئێمەش هیچ زانیاریمان لەسەریەوە نەبێ. ئەو روانگەیە لە دیدی فەلسەفیەوە بە دۆخی ریالیستیانە-Realistiska position ناودەبرێت. (3)

بەڵام واقیعیەت بەلای پلاتۆوە تەنیا بوونی شتێک نیە لە دونیای بینراودا، چونکە خودی واقیع مانای پەیوەندی ئەو شتانە دەگەیەنێ کە لە واقیعدا هەن. هاوکاتیش ئەو واقیعە مانای ئیدیالیش دەگەیەنێ.

بیرۆکەی ئیدیال لە روانگەی پلاتۆوە لە فۆرمی شتەکاندا دەناسرێتەوە، کە ئەمەش لە وێکچوونی تەواوی ئەو شتانەی کە لەو فۆرمە یان ئەویترەوە دەچن، دەناسرێنەوە. پلاتۆ لە "کۆمار"دا وای بە چاک زانیبوو کە ئەوانە حوکمی کۆمەڵگا بکەن، کە خاوەن زانیارین، یان دەبێ فەیلەسوفەکان حوکمڕان بن. چونکە ئەوان دەتوانن دونیای بیرۆکەکان بە حوکمڕانی ئەو واقیعە ببەستنەوە.

پلاتۆ لە دیالۆگۆی کریتۆن Kritonدا ئەوە روونده‌کاتەوە و دەفەرموێ: " کەسێک، کە خەریکی وەرزش بێ و حەز لە وەرزش بکا، دەبێ تەنیا خۆی بە تێگەیشتنی کەسێکی تایبەتمەند – دکتۆر یان دکتۆری وەرزش سەرقاڵ بکا یان دەبێ تەنیا رێزی پەسن و لۆمە و تێگەیشتنی مرۆڤەکانی تر بگرێ؟... بۆیە دەبێ ئەوکەسە، تەنیا لە لۆمەی ئەوان بترسێ، هەروا دەبێ ئەو کەسە تەنیا بەو پەسنەی ئەوان دڵخۆش بێت- هەروا نابێ ئەو کەسە گوێ بدات بە کەڵەکە بوونی لۆمەکان و پەسندان".(4)

لێرەدا دەبینین کە بنەمای زمانی مل کەچبوون لە لایەن دەوڵەتەوە لە رازی بوونی هاووڵاتیانەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. کەواتە تەنیا هاووڵاتین کە مافی حوکمڕانی دەدەن بە دەوڵەت.

پلاتۆ بەهای بیرۆکە ئیدیالەکانی خۆی سەبارەت بە مافی فەلەسەفی، چۆنیەتی حوکمڕانی کردنی دەوڵەت بۆ قوتابیەکەی، ئەرستۆ بەجێدەهێڵێت. لە روانگەی ئەرستۆوە ئێتیک، رەوشتناسی دەبێتە کاکڵەی بوونی مرۆڤ. بنەمای ئەو رەوشتناسیەی ئەرستۆ، لە دیدی خواناسی ئەوەدا بۆ گەردوون دەگەڕێتەوە، کە لێرەدا مەبەستم نیە لێی قووڵ ببمەوە. بەڵام ئەو دیدەی ئەرستۆ، ئەوەیە کە هەموو شتێک ئامانجێکی خۆی هەیە، یان کردەیەکی هەیە. مرۆڤ، لای ئەرستۆ لە گەردووندا هەیە، کە بوونەوەرێکی ئاوەزگەرایە و خاوەنی باڵاترن فۆرمە. شتگەلی تریش لە توانایدایە پەرەبسێنێ و ئەو فۆرمە بەدەست بێنێت. لێ ئەو ئاوەزگەراییە، کە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جودا دەکاتەوە. ئەو مرۆڤەی کە ئەوتوانایە پەرە پێبدات، واتا بە پێی سروشتەکەی خۆی دەژێت. چونکە مرۆڤ لە سروشتدا خاوەنی ئەو توانا ئاوەزگەراییە. ئەو خاوەنداریەتیە تایبەتمەندیەی مرۆڤ، هاندەدات بەرەو ژیانێکی باش پەرە بسێنێ، کە ئەرستۆ ئەو تایبەتمەندیە بە رەوشت پاکی-Dygd ناودێر دەکا. لێرەدا ئەو رەوشت پاکیەیە کە هانی مرۆڤ دەدات شتە باشەکان پەرەپێبدات. گرینگترین ئەرک، لە روانگەی ئەرستۆوە، کە ئەنجامدانی کردەیەکی رەوا و دروستە. بناغەی بیرۆکەی رەواداری کە هەموو وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و وەک یەکسانەکانیش بە شێوەیەکی جودا رەفتاریان لەگەڵ بکرێ: "گەر کەسەکان هاونرخ نەبوون، کەواتە نابێ ئەوان یەک بەشیان هەبێت؛ بەڵام لێرەدا لە دیوێکی ترەوە تۆێک بۆ کێشەیەک سکاڵانامایەک قوتدەبێتەوە، ئەمەش بەندە بە

وەی کە یەکسانەکان بەشی یەکسانیان وەرنەگرتووە یان بەندە بەوەی کە کەسە نایەکسانەکان وەک بەشیان پێدراوە".(5)

دوای گواستنەوەی کولتوری گرێک بۆ جیهانی ئیمپراتۆریەتی رۆم و دواجاریش رەنگدانەوەی لە ئایینی مەسیحی، دەبینین هزرڤانێکی مەسیحی تۆماس ئاڤ ئەکوینۆ Thomas av Aquino1225-1274 ، لە ژێر کاریگەری ئەو بیرۆکانەی پلاتۆ و ئەرستۆدا، پێی وا بوو کە خالک کوشتن هەڵەیە، بەڵام هاوکاتیش پێی وا بوو مرۆڤ مافی خۆیەتی کە خۆی بپارێزێ. لێرەدا ئەو دیدەی تۆماس سەبارەت بە بەستانەوی مرۆڤ بە مافی سروشتی، بەندە بە رەوشتگەرایی مەسیحیەتەوە.
ئەوەی کە تۆماسی پێدەناسرێتەوە، ئەو دووتا کردنەی نێوان مافی هەتاهەتایی و مافی سروشتی و مافی مۆزەتیڤە. لە روانگەی تۆماسەوە "یاسا، واتا هیچ شتێک زیاتر نیە 1 لە ئاوەزی بە یاساکردن 2 لە پێناو باشیەکی هاوبەش 3 لە کەسێک کە خاوەنی تواندارییە بەسەر کۆمەڵگاوە 4 لە راگەیاندنێک کە لە سەرچاوەی راستیەوە ئاراستە دەکرێ". (6) بەڵام باڵاترین یاسا، یاسای هاتاهاتاییە، کە لە زانایی خواوە سەرچاوە هەڵدەگرێت. وێرای ئەمەش مرۆڤ لە روانگەی تۆماسەوە لە رێگای تواناداری خۆیەوە، لە رێگای تاقیگا و سیستەمی بە هارمۆنیکراوی دونیا، کە سروشت دروستی کردووە و لا لایەن ئەو یاسایە هاتاهاتاییە بڕیاری لەسەر دراوە، دەتوانێ لە لۆژیکی پەیوەندییەکان تێبگات. هاوکاتیش مرۆڤ بە رێگەی توانا‌داری خۆیەوە دەتوانێ خراپە و باشە لێکتر جودا بکاتەوە. بەڵام یاسای مرۆڤ، بە دیدی تۆماس، یاسای تەواو و بۆ هەموو خەلکان نیە، لەگەڵ یاسای سروشتی ناکۆکە، چونکە ئەو یاسایە لە لایەن کەسێکی خاوەن زانیاری پوخت رانەگەیەنراوە.

سیسرۆ Cicero 106-143 و ئاگوستینۆس Augustinus 354-43 ، کە نوێنەری روانگەی مەسیحیەتن، بەلای ئەوانەوە هەندێ شت پەیوەندی بە سروشتەوە هەیە، نەک نەتەوە، واتا "مافی خەڵک" جودایە لەگەڵ مافی نەتەوە. قەشە و تیۆلۆگێکی وەک تۆماس ئاڤ ئەکوینۆ، مەسەلەی گوتن و کردار لێکتر جودا دەکاتەوە، کە ئەم دیدەش لە شۆڕشی فەرەنسیدا رەنگیدایەوە. لەوێدا دەبینین دیسان مافی مرۆڤایەتی، وەک کۆنتراکتێکی کۆمەڵایەتی دێتەوە گۆڕێ.
لە روانگەی ئەو پشتینەی مەسیحیتەوە، دەروازەی فەلسەفەی ئیمانوێل کانت Kant، کە بڕبڕەی پشتی مۆدێرنێتەیە، دەنگدانەوەی هەمان بیرۆکەی مەسیحیەتە. ئیمانوێل کانتیش بۆ مەسەلەی ماف دەگەڕێتەوە بۆ "مافی خەلک"، کە هی ئایینی مەسیحیەتە. بەڵام کانت زێدەتر جەغت لەسەر مافی خەلک و نەتەوە دەکاتەوە، تا مافی سروشتی.
مەسەلەی رەوایەتی شەڕ، پێش مەسیحیەت و بە دواوە هەمیشە بەسترابۆوە بە رەوایەتی مافەکان و گەڕانەوە بۆ سروشت. لە پاش شۆڕشی فەرەنسییەوە، بە تایبەتی لەگەڵ "رۆشنگەری"، کە لە دایکبوونی ئەقڵە، مافی سروشت بە ئەقڵانی دەکرێ. کانت لە ساڵی 1795 دا، بیرۆکەی هاووڵاتی و دەوڵەتی هێنایە گۆڕێ، کە لەوێدا لە جیاتی کەنیسە، یان خوا، دەوڵەت دەبێتە بەرپرسیاری مافەکانی هاووڵاتیان.
دواجاریش ئەو بووە هاندەرییەک بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بیرۆکەی کانت، لەنێوان خەلک و دەولەت ئەرک و مافەکان دیاری بکرێن. لەوێوە خاوەنداریەتی بووە مەرج بۆ مافی هاوڵاتیان.
ئەو خاوەنداریەتییە ئەمرۆ سەبارەت بە مافی نێونەتەوەیی لە سیاسەتی دەوڵەتانی ئەوروپا، بە تایبەتیش ئەمریکای ئەمرۆدا، بەرجەستە دەبێتەوە.
وێرای ئەمانەش، دیدی فەلسەفیانەی کارل مارکس بۆ شەڕ لە فۆرمی ئابووریدا بەرجەستە دەبێتەوە. کەچی لای نیتشە لە دەسەڵات و کۆششی مرۆڤ بۆ بەرز راگرتنی خۆی و تێکدانی نۆرمە داڕێژراوەکان دەبینرێ.

کەچی هۆکاری شەڕ بۆ فرۆید لە کێشەی سێکسدا سەرچاوە هەڵدەگرێ. وەلێ لە فۆرمە دەرەکییەکەیدا، تەواوی ئەم روانگە فەلسەفیانە سەبارەت بە شەڕ، لە بانگەشەی جودادا وێنا دەکرێن.
فۆکۆش وەک نیتشە پێی وابوو کە شەڕ بەردەوامی سیاسەت نیە، بەڵکو خۆی سیاسەتە. گەر بگەڕێینەوە بۆ شۆڕشی فەرەنسی، کە لەوێدا شەڕێکی بێ سنوور مانای هەبوو، هاوکاتیش ئەمڕۆ شەڕی تەواوگیری لە سیاسەتی شەڕدا دەبینرێ. بۆدلیارد لە باسی شەڕی سەرمایەداری و کۆمۆنیزمدا، پێی وایە هەردوو شەڕ یەک ناوەڕۆکیان هەیە، کە ئەویش بە دەستهێنانی ئازادیە بۆ سەر زەوی، سەرچاوەی ئەمەش لە بنەڕەتدا بەرهەمی بیرۆکەی مۆدێرنیتێتەیە.
وەک مێژوونووسان باسی دەکەن، لە سەردەمی پاشایەتیدا شەڕ گەمەیەکی بە یاسکراو بوو، لەوێدا کە پاشایەک سەردەکەوت، پاشای لە شەڕ دۆڕاوی لە ئامێز دەکرد، کەچی ئەمڕۆ گەر سەرۆک و دەسەڵاتێک لە شەڕ بدۆڕێ ئەوە هەڵدەواسرێ.
لە کۆتایی 1982 دا، لە پاریس کۆنگرەیەک بەسترا لەلایەن یاسازان و سەرباز و فەیلەسوف و سیاسییەکان، لەوێدا باسیان لەوە کرد، کە کام لایەک لە هێزەکان مافی ئەوەی هەیە کە هێرش بکاتە سەر لایەکەی دیکە و کامە لا مافی هێرشی نیە. وەڵامی ئەوان ئەوە بوو، کە تەنیا دەوڵەتێکی خاوەن ماف دەتوانێ بۆ یارمەتیدان بە دژی دوژمنێکی دەرکی، داوای یارمەتی لە وڵاتێکی یاسایی خاون ماف بکا.

جێگەی ئاماژەیە، کە لە ساڵی 1941-1991 ئەمریکا وەک برا لەگەڵ ئەوروپا دژی دوژمنی هاوبەش بوو؛ پێکەوە شەڕیان بە دژی نازیزم فاشیزم دەکرد. ئێستا ئەوروپا لەسەر سیاسەتی کانت Kant دەڕوات، کە لیبرالیزمیە و یاسا حوکم دەکا.
بەڵام ئەمریکا سیاسەتی فەیلەسۆفی ئینگلیز توماس هۆبز Thomas Hobbes(1588 -1679)، لە سیاسەتی دەرەوەیدا پەیڕەو دەکا، کە لە روانگەی هۆبزەوە مرۆڤ و کۆمەڵگا لە سروشتدا خۆویست و تەماحکارە، گەر کۆنترۆل ناکرێ، شەڕی سەرتاسەری دروست دەبێ، یان بە واتای هۆبز شەڕی "گشت لەگەڵ گشتدا" گەڵدەگیرسێ.
لەم رونگەیەوە، کە دەسەڵاتی بۆش و ئەو شەڕەی کە ئەمڕۆ بە شەڕی جیهانگیری "تێرۆریزم" ناودێر دەکرێ، هاوکاتیش، بەلای منەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، کێشەی ئەو ئاڵۆزیانەی کە لە پێکهاتیی کۆمەڵگای کوردیدا هەن، دەکرێ بیرۆکەکانی هۆبز سەبارەت بە سیاسەتی دەسەڵات و فافەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت، بۆ دۆزینەوەی خوێندنەویەک بۆ خوێندەوار و سیاسەتکاری کورد سوودمەند بێت. بۆیە هەوڵدەدەم کەمێک فراوانتر لە بۆچوونەکانی هۆبز بدوێم. هۆبز لە کتێبە ناودارەکەیدا، *Leviathan*، کە ساڵی 1651 دەرچووە. هۆبز لەو کتێبەدا کۆمەڵگا بە Leviathan ناودێر دەکا، چونکە لە "Jobs bok" بەشی سێیمی "بیبل" دا گیانەوەرێک هەیە بەو ناوە، کە گیانەوەرێکی دڕندە و کرێتە. ئەو کتێبەی هۆبز سەرچاوەیەکی گرینگی فەلسەفەی سیاسەتدا. بیرۆکەکانی ئەو کتێبە رۆڵێکی گرینگیان هەبوو لە سەدەی بیستدا. ئاشکرایە ئینگلیستان لە سەدی شازدە رووبەڕووی شەڕ و کێشەیەکی سەختی ناوەخۆ ببوو، ئەو شەڕانەش هۆکاری ئەو ململانێیە توونودتیژانە بوو، کە لە نێوان ئایینی ماسیحی و پەرلەمانخوازەکاندا تەقینەوە. هەر بۆیە شەڕە دژوارەکانی ناوەخۆ، کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر بیر کردنەوەی هۆبز، ئەو بارە سیاسی و شەڕە ناوخۆیانەی کۆمەڵگای ئینگلیز، لە زۆر رەهەندەوە لە کێشەی ئەمڕو و دوێنێی کۆمەڵگای کوردیەوە نزیکن: مەسەلەی ئایین ، دەسەڵاتی بە زۆراکی حیزبی کوردی و مافی تاک... هتد، نا ئامدە بوونی دەسەڵاتێکی رەوای هەڵبژێردراو لە کۆمەڵگای ئێمە، بەشێکن لەو نزیکایەتییەی کۆمەڵگای ئێستای کورد و کۆمەڵگاکەی هۆبز. بەڵام ئەو کێشانەی کۆمەڵگای کورد و کێشەی دەسەڵات، نەیتوانیووە ببنە بەرهەمێکی فەلسەفی سیاسی لە پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا. لە دایک نەبوونی هۆکارێکی فەلسەفی لە تەرزی هۆبز و بزاڤێکی هزری رۆشنگەریی فراوانی سیاسی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بۆ کام هۆ دەگەڕێنەوە،

ئەوە پرسیارێکە، کە ئەرکی ئەم نووسینە نیە، بەڵام بۆ ئەو ڕۆناکبیرە "بەناوداركراوانە"ی کورد بەجێدەهێڵم، کە ئەمڕۆ دەمڕاستی ڕۆشنبیریی کوردیان پێبەخشراوە.
بەهەمەحاڵ. بیرۆکەکانی هۆبز توانیان دابڕانێکی فەلسەفی و هزری لەگەڵ سەدەی ناوەڕاست و دونیابینی مەسیحیەت ئەنجامبدات. ئەم دابڕانەش لە ڕوانگەی ماتریالیزمی لۆژیکیەکانی هۆبزدا بەرجەستە دەبنەوە. لێرەوە هۆبز فەلسەفە لە ئەرکە مێتافیزیکیەکان، کە فەیلەسوفەکانی بەر لە خۆی پێیەوە سەرقاڵ بوون. لەوێدا ئەرکی فەلسەفە، لە دیدی فەیلەسوفە تیۆلۆگیەکانەوە، کە مرۆڤەکان بەوە ڕازی بکەن، کە لەو دونیا داهاتووەی، کە نادیار بوو، ڕزگار دەبن. هاوکاتیش ئەو دەسەڵاتە دونیاییە، یان ماددیە کەرەسەیەک بوو بۆ کڵێسەی حوکمڕان، کە هەوڵی دەدا کۆمەڵگا بەوە ڕازیبکات، تەنیا لە بەهەشتی خودا مرۆڤەکان ئاسوودە دەبن. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو دیدە مێتافیزیکیە، هۆبز دەسەڵاتی دونیایی، دەوڵەتی پەرلەمانی بە جێگرێکی ڕاستینە چەسپاند. بەلای هۆبزەوە، بە ڕەوا کردنی دەوڵەت، تیۆری کۆنتراکتی کۆمەڵگا دەخەملێ. بە واتایاکی تر، دەسەڵاتی پەرلەمان لە ژێرخانەوە دەست پێدەکا، نەک لە بانەوە بە دیدی هۆبز مرۆڤ لە تەک کۆمەڵگادا خۆی دەناسێتەوە. کەچی پێشتر "دۆخی سروشتی" بوو کە مافەکانی مرۆڤی دەپارێزا. بەڵام هۆبز پێی وابوو کە نەبوونی ئەمنو ئاسایش لەو دۆخە سروشتیەی کۆمەڵگادا ناتوانێ گیانی مرۆڤەکان بپارێزێت، کە نەبونی ئەو ئاسیشە، هانی مرۆڤەکان دەدات کە خۆی لە ڕێزی کۆمەڵگادا ببینێتەوە. لە دۆخی سروشتیدا، مرۆڤ وەک غەریزە بە مانەوە داوێنگیرە، کە هۆبز ئەو بیرۆکەی، وەک سەرەتایەک بەلاوە دروست بوو، بەڵام ئەو دۆخە مایەی نەبوونی ئاسیشە. بۆیە هۆبز پێی وابوو لەو دۆخەدا شەڕ هەمیشە ئامدەیە. بوونی شەڕ لەو دۆخەدا، کە دوورە لە نوێنەرایەتیەکی هەڵبژێردراو کە بتوانێ کۆمەڵگا ڕێکبخات، تەنیا دوژمنداریەکی ئاوەڵا نەبوو لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەڵکو ئەو ململانێیەی کە لە مەیلە جیاوازەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی هەیە، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ. بۆیە هۆبز ئەو دۆخە سروشتیەی لە سێ هۆکاردا دەستنیشانکرد: کێبەرکێی تەقاندنەوەی دوگمە و ژێیەکانی جیاوازی، نەبوونی ئاسایش و دواجاریش بۆچوونە جیاوازەکانی بەرانبەر. وێڕای ئەو سەرگێژیانەی کە لەو دۆخەوە سەرهەڵدەدەن. ئەمەش وادەکات لەو دۆخەدا زەبروزەنگ هەمیشە لە ئارادا بێت، کە کتومت لە سۆخی بێناوی حوکمەتەکانی لای ئێمە دەچێت.
لە کتێبی ناوبراودا، هۆبز لەو دۆخە سروشتەیەدا بەمجۆرە وێنەی مرۆڤ، یان بە واتای ئەو پیاو نمایش دەکا: "لەوێدا هەموو پیاوێک (کەسێک) دوژمنە لەگەڵ پیاوێکی تردا؛ لەوێدا لەو کاتەدا پیاو، بێجگە لە ئاسایشی خۆی، ئاسایشێکی تری نیە، هێزی خۆی و دۆزینەوەی تواناداری خۆی هەیە کە پێی بژیت. لەو هەلومەرجەدا شوێنێک نیە بۆ پیشەسازی و سناعەت و ئەو بەرهەمانەش بێ ئاسایشن: ئاکامی ئەوەش دەبێتە هۆی نە هیچ کولتورێک لەسەر زەویدا هەبێ، نە هیچ توانایکیش بۆ هاتوچۆی کەشتی هەبێ، بۆیە نە هیچ گواستنەوەی لە دەریاوە دەبێ، نە هیچ خانوو بونیات نانێکی دەڤەری دروست دەبێ، نە هیچ ئامرازێکی جولانەوەش دەبێ کە بتوانێ شتەکان بجولێنێ یان لاببات کە پێویستی بە هێزێکی زۆر هەیە، نە هیچ زانیاریەکیش لە مەڕ ئەسترەکان، نە هیچ ئاگاییەکیش لەسەر کاتدا بوونی دەبێت، نە هیچ هونەرێک، نە هیچ نامە، نە هیچ کۆمەڵگا بوونی دەبێت، لەوەش خراپتر:ترس و سامناکی تا دەگاتە مەرگێکی زەبروزەنگی بەردەوامی دەبێت: ژیانی پیاو هەژار، تەنیا، دزێو، زەبرزەنگاوی و کورت دەبێت". (7)

بەڵام هۆبز دەسەڵاتی هەڵبژێردراو بە بڕانەوەی ئەو دۆخە سروشتیە دەبینێ، کە هۆبز ئەو دەسەڵاتە بە دەسەڵاتی سەروەری-Sovereignty ناودێر دەکا. جێگەی سەرنجە هۆبز پێی وایە مرۆڤ لە ترسی ئەو بارە سروشتیە ترسناکەدا، ئەو دەسەڵاتە سەروەریە پێکدێنێت. ئومێدی مرۆڤ بە مانەوە هانیدەدا کە ئەو کۆمەڵگایە مەدەنیە لە سەروەرییەکی بەهێزدا بونیات بنێت. ئەو تەرزە سەروەرییەش مەرامی دوورتری هەیە. خۆ لە ترس پاراستن هانی مرۆڤ دەدا کە لە ڕێگای کۆنتراکتی کۆمەڵایەتیەوە، لە یەکێتیەکی

سیاسیدا خۆیان کۆببنەوە. چونکە سەروەری دەتوانێ کۆمەڵگا لە دوژمی ناوەک و دەرەکی بپارێزێ و هاوکاتیش لە ڕێگای یاسای مەدەنیەوە پەیوەندی مرۆڤە ڕوانین جیاوازەکان لە کۆمەڵگادا ڕێکبخات. بەڵام تێوریەکانی ماف لە ڕوانگەی هۆبزەوە لە ئازادی نزیکیان دەکاتەوە. لەوێدا ئازادی لە مافدا بەرجەستە دەبێتەوە. دواجار هۆبز لە کتێبی ناونراودا، بەم جۆرە تایبەتمەندی کۆمەڵگای مەدەنی دەچەسپێنێ: "ئەو پێکهاتننامەی نێوان بەشەکانی ئەو جەستە سیاسییە، یەکەم جار پێکهات، لێکگرێدرا، هەروا یەکخرا، کە بەدژی ئەو خولڤاندنەی مرۆڤ لەلایەن خواوە (... خولڤاندن سەرەتای گێڕنەوە بوو). بۆیە ئەو کۆمەڵگایە مەدەنییە سروشتی نیە، بەڵکو دامەزرێنراوە" (8)

بەهەمەحاڵ، ڕوانگە فەلسەفییەکانی هۆبز سەبارەت بە ماف و دەسەڵاتی سەروەری و ئازادی تاکەکەس جێگەی لێدوانە، بەڵام لێرەدا بواری ئەوە نیە بە وردی هزرەکانی ئەو فەیلەسوفە باس بکەم. ئەوەی کە گوترا ڕەنگە مەبەستی ئەم نووسینەی کەمێک بەرجەستە کردبێتەوە.

وەک گوتمان لە سیاسەتی دەرەوەدا بۆش بیرۆکەی ریالیزمانەی هۆبز، لەژێر چەتری ریالیزمی نوێدا بەرانبەر بە دوژمنی دەرکی پیادە دەکات، کە تێرۆریزمی ئیسلامیە و هێشتا نوێنەری ئەو دۆخە سروشتییە کە هۆبز لێیدەدوێ.

لێرەوە دەبینین لە ڕوانگەی سیاسەتی بۆشدا، دەسەڵاتی سەربازی دەبێتە کلیلی نێونەتەوەیی بۆ بەدەستهێنانی ئەمانجەکان، یان تاکە ڕێگایەک بۆ زاڵبوون بەسەر تێرۆریزم و تەنیا هێزی سەربازییەشە کە دەتوانێ ئاسایشی جیهان بەرقرار بکا. ئەمەش لە ڕوانگەی تێوری سیاسیەوە بە ریالیزمی نوێ ناسراوە. هەرچەندە بۆش، لە هەندێ هەڵوێستی سیاسیدا، وەک ناکۆکیەک لە بنەمای سیاستە ریالیزمەکەیدا، هەوڵدەدات فۆرمی لیبرالیزمی نوێ پێڕۆ بکا، کە کێشەکان بە ڕێگەی ئۆرگانە سیاسییە سەربەخۆیەکانی وەک، ڕێخراوی یەکێتی نەتەوەکان چارەسەر بکرێن.

بەڵام کێشەکە ئەوە کە ئەمڕۆ ئەو مافەی کە ئاماژەمان بۆ کرد، بە زەبروزەنگ و لە ڕێگای شەڕدا پیادە دەکرێ. لێرەدا دەبینین دەمراستی ئەو مافە دراوە بە UN. بەڵام لە دواجاردا UN، کە دەبوو ئۆرگانێکی سەربەخۆی "فەلسەفی" بێ، نەک "سازشکارێک". چونکە UN، بە چالاکییە سازشکار و تەمبەڵییەکانی، هەموو سیاسەتی لەوەدا کۆدەبێتەوە، ئەویش کە: کرداری شەڕ هەڵەیە.

لەم ڕەوتەدا هەموو بزاڤە ئاشتیخوازەکانی دژە شەڕ، هەر لە شەڕی ڤێتنامەوە تا دەگاتە شەڕی ئەمریکا دژ بە ڕژێمی سەددام، لە کرداردا پەسیڤ وسیستن. چونکە جگە لە دژی شەڕ، هیچ کردارێکی تری کاریگەییان نەبووە و نیە بۆ هێنانەدی ئاشتی، بە تایبەتیش خۆپیشاندانەکانی بەر لە دەسپێکردنی شەڕی بۆش لەگەل سەددامی بکوژ، ئەوەیان جەخت کردەوە. بۆیە بناغەی چالاکییەکانی بزاڤی ئاشتیخوازان، بۆ چارەسەری بنەڕەتی ئەو تەنگژانانە نین، بەڵکو بۆ پاراستنی "ماڵی ئارام"ی خۆیانە، تاوەکو شتەکانی خۆیان، ئارامی ژیان، کار و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن.

دواجار مەبەستی ئەو بزاڤە بەناو ئاشتیخوازانە، پاراستنی ماڵ و خاوەندارییەکانی خۆیانن، نەک ژیانی ئەوانیتر. شەڕیش لە دواجاردا، بۆ ئەو ئاشتیخوازانە تێکدانی ژیانی ئەوانە.

ئەو وێنەی ئەمڕۆ سەبارەت بە شەڕ خۆی لە گوتنگەلێکی، وەک: شوێنگە، سروشت و توندوتیژیدا دەردەخات. هاوکاتیش ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی خۆی بە شێوەی ئایینی و مەیلی ئاینیانە پیشاندەدات. بۆیە شەڕەکانی ئەمڕۆ بارێکی هەست ورووژێنن. ڕوانگەی ئەمڕۆی فەلسەفە بۆ شەڕ، وەک فەیلەسوفی نەرویژی Arne Näse پێی وایە، کە خەلک مەیلێکی پەسیڤی هەیە دژی شەڕ.(9)

ڕەنگە ئەو پەسیڤی و سستیەی کە ئەو فەیلەسوفە نەرویژیە باسی دەکا، لە شێوەی ئەو تەرزە وێنانەی کە لە شاشەی تەلەڤیزیۆنەکان و ڕۆژنامەکانەوە نمایش دەکرێن، ببینرێن: وێنەکان هەمیشە دیمەنی

کارەساتی و هەست بزوێن جەختدەکەنەوە؛ تەرمی خەلکی ئاسایی و منداڵ و کاولکاری دوای رووداوەکان زەقدەکرێنەوە.
نموونەگەلێکی زۆر هەیە کە دەسەلاتی سیاسی ئەنجامی دەدات، رەنگە لە زۆر دیوەوە مەبەست ورووژاندنی هەستی خەلک بێ: کاتێ لیژنەی خەلاتی ئاشتی لە نەرویژ، هاوکات لەگەڵ زاقبوونەوە و گریدانی دیاردەی تیرۆریزم بە بە ئیسلامەوە، خەلاتی ئەمسالی خۆی دەدات بە ژنێکی ئێرانی وەک (لەبادی)، کە وێرای ئەو پارییە سیاسییەی کە لە پشتەوەی ئەو هەلبژاردنەدا هەیە، بەلام لە شێوەیەکی هەسبزوێنیدا ئەو پارییە سیاسییە ئاراستە دەکرێ. بۆ زۆرینەی خەلکی ئەوروپا، ژن لە ئێران، وەک ولاتێکی ئیسلامی بە زۆرلێکراوترین بوونەوەر دەناسرێ. لێرەدا هاوتای بە دژ بوونی ئەو تەرزە رژێمە، مەبەست ورووژاندنی هەستی کۆمەلگای ئیسلامی و ئەوروپیە، تاوەکو ئەو لیژنەیە وای خۆی دەربخات، کە مەبەست لە کۆمەکیکردنی ژنە لە نموونەی ئەو کۆمەلگا و رژێمانەدا. بە دەربڕینێکی تر، مەبەست لە هەلبژاردنی ئەو ژنە ئێرانیە، هەم جەختکردنەوەیە لە دژواری کۆمەلگای ئیسلامی و ، هەمیش بزواندی هەستی خەلکە بۆ رەوایەتی بالادەستی ئەو خەلاتە، کە رەوایەتی دەسەلاتی رۆژئاوە جەختدەکاتەوە.
کەچی هەموو دەزانن کە ژنە کوردێکی سیاسی وەک (لەیلا زانا)، کە دەیان سالە لەسەر خەباتی ئاشتیانەی خۆی لە زیندانی رژێمی ترکدا ئەشکەنجە دەدرێ، هاوکاتیش یەکێکە لە هەلبژێردراوەکان، کەچی لەبەر پارییە سیاسیەکان، لیژنەی خەلاتی ئاشتی نەرویژ، لەیلا زانا لەو خەلاتە ئاشتیە بێ بەشدەکا.
لێرەوە دەتوانینین بلێین کاتێ ئاستی سیاسی جیهانی، وێرای شەڕە دژوارەکان، کەچی لە سۆزدا خۆی پیشاندەدات، هاوکاتیش بزاوی بەرهەلستکاری و ئاشتیخوازییش لە ساتە وەختێکی سۆزاویدا تێدەپەڕێ. ئەمرۆ سیاسەتی لیبرالی نوێ هەولی پێکهێنانی زەبروزەنگێکی جیهانگیرییە. چونکە رۆژئاوا خۆی دەیەوێ ئەو زەبروزەنگە بخاتە سەر شانی ئەوانیتر. بۆیە سەرمایەداری هەولدەدات دوژمنێکی شەڕەنگێز بەرانبەر خۆی دروست بکا؛ بۆ ئەوەی هەم بازەڕە فرەکەی بە هەڕمێن بکا و، هەمیش تەواوی ململانێیەکان لە بیر بکرێن و ئەو خەلکەش بە شەڕەوە سەرقاڵ بن.
بە دیوەکی تریش، سیاسەتی رۆژئاوا لە روانگەی لیبرالیزمە نوێیەکەیەوە هەولدەدا ململانێ و کێشە سیاسییەکانی جیهانی، بەش بەشە و لە رێگای ئۆرگانە ئازادەکانەوە چارەسەر بکات، لەم روانگەیەوە کێشەیەکی وەک شەڕی ئێراق، نابێ بە سەرباز چارەسەر بکرێ، بەلکو دەبێ رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەربەخۆیەکان، هاوکاتیش بە مێتودی سیاسی و دیالۆگ ئەو جۆرە شەڕە چارەسەر بکەن. یەکێک لە کێشەکانی نێوان ئەروپا و ئەمریکا، جوداوازی ئەو دوو روانگەیە بوو. هەرچەندە لە بنەڕەتدا، بە تایبەتی لە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا و ئەوروپا یەک پرینسیپیان هەیە. چونکە ئەو ئۆرگان و رێخراوانەی وەک UN و EU هیچان نەک هەر سەبەخۆ یان فەلسەفی نین، بەلکو هەموو ئەو رێکخراوانەی کە لیبرالیزمی نوێ دەیەوی رۆلی سەرەکی هەبێ لە چارەسەر کردنی کێشە سیاسییەکانی نێونەتەوەیی، خۆیان وابەستە و دروستکەری زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و ئینگلستان و فەرەنسا و ئەلمانیان. واتا هیچێک لەو ئۆرگان و رێخکراوە سەربەخۆیانە، بەبێ بڕیاری ئەو زلهێزانە توانای کردارێکی نیە. بێتوانایی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەسەلەی شەڕی ئەمریکا لە دژی سەددام راشکاوانە دەرکەوت. هاوکاتیش رۆلی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە ئەمریکا و ئەوروپا یەک هەلوێست بوون لە کێشەی یۆغسلاڤیا شتێکی تر بوو.

دواجاریش رەنگە ئاماژە کردن بە فەیلەسوفی فەرەنسی، ژاک دێریدە Jacques Derrid ، وەک تازەترین دەنگی فەلسەفە سەبارەت بەپرسی ماف و شەڕ، مەبەستی ئەو باسە رۆشنتر بکاتەوە، کە چ کاریگەریەکی لەسەر سیاسەت بە گشتی و مافیش دەسەلات بە تایبەتی هەیە.

دێریدا لە نووسینەکانیدا جەخت لەسەر چەمکگەلی وەک: دۆستایەتی، میوانداری، ڕەوایەتی، کۆسمۆپۆلتیزم و لێبووردن لە دونیای سیاسیدا دەکاتەوە. دێریدا ئەو چەمکانە لە کتێبی " Philosophy in a time of Terror " دا، قوولتر بەرجەستە دەکاتەوە. ئەم کتێبە کۆی چەند سیمینارێکی هاوبەشە لەگەڵ هابرماسدا، کە پاش 11ی سێپتێمبەر لە نیۆرک پێشکەشیان کرد.
لەوێدا هابرماس پێی وایە دەبێ لە ئاستی سیاسیدا ئێمە دەبێ بەهایەکانی دیمۆکراتیەکی قبوولکراو پیادە بکەین، هاوکاتیش دێریدا پێی وایە، لە پێناو گفتوگۆ کردن لەگەڵ بەرانبەردا، دەبێ مەرجە ئەخلاقییەکان لەبارچاو بگرین. لێرەدا ڕوانگەی هەردووکیان پەرەپێدانە بە پرۆژەکانی ڕۆشنگەری، ئەگەرچی ئەو دوو فەیلەسوفە لەسەر پرۆژەی ناوبرا خوێندنەوەشیان جیاوازە. کەچی لێرەدا هەردووکیان جەخت لەسەر بە دیمۆکراتیکردنی دونیای ئیسلام دەکەنەوە. هاوکاتیش لە بڕی شەڕ، جەخت لەسەر شێوازی دیالۆگکردن لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەکەنەوە. بەلای دێریداوە، فەیلەسوفێک "کەسێکە کە سۆراغی پێوانەیەکی نوێ دەکا بۆ ئەوەی تێگەیشتن و ڕاشکاوی لێکتر جیابکاتەوە". (10)
وێڕای ئەمەش دێریدا، کە لە ساڵی 2001 دا خەڵاتی ئەدۆرنۆی وەرگرت، بە هەستدارییەوە سەبارەت بە 11ی سێپتێمبەر دەنووسێ:
"وێڕای هەستکردنم بە ئازاری ئەو خەڵکە، بەڵام ئەوە ڕێگەم ناگرێ کە بڵێم، وێڕای ئەو تاوانە، بڕوام بەو سیاسیانە نیە کە هیچ کام لەوانە بێ گوناح بن. کەسیان ناتوانن سوێند بخۆن کە بێ هەڵەن، بۆیە دەبێ ئەوانە هەر خۆیان ئەو قەرزە بدەنەوە". (11)
دەکرێ بپرسین ئەوە چ قەرزێکە کە دێریدە باسێ لێوە دەکا؟ وەڵامی دێریدە: ڕێخستنی سیستەمی تازەی جیهانیە، کە ئەمەش سەرکەوتنە بەسەر شەڕ و زەبروزەنگدا. بەڵام سەرپەرشتی و ڕێکخستنێک کە خۆی بەرهەمهێنەری زەبروزەنگە. کەواتە لەم ڕوانگەیەی دێریداوە، دەکرێ بڵێین کە بۆ ڕژێمی ئەمریکی، شەڕ خۆی سیاسەتە، نەک شێوەیەک لە بەردەوامی سیاسەت.
تێڕوانی فەلسەفیانە لەمەڕ شەڕ، وەک شەڕی ئەمریکا دژی ڕژێمی عێراق و تێرۆریزم، ئەو وێنە دەرەکییە نیە کە خۆی بە سەربازێکی گەورە و توانادار وێنا دەکا، بەڵکو لە دوو ڕوانگەی فەلسەفیدا بەرجەستە دەبێتەوە، ئەوانیش، یەکەمیان، دیتنێکی ڕیالیستی و دووەمیشیان، ئیدیالییە. مەبەست لە دیتنە ڕیالیستییەکە ئەوەیە کە دەوڵەت سود و بەرژەوەندی ماددی یان ئابووری هەیە لەم شەڕەدا. بەڵام ئەوەی کە بەندە بە دیتنە ئیدیالییەکەیە، ئەوەیە کە دەیەوێ ئاشتی و سولح بۆ کۆمەڵگای ئەمریکی، یان ئادەمیزاد بە گشتی بەدەست بهێنێ. ئەم ڕوانگەیەش سەرچاوەکەی لە بڕوای تیۆلۆگی _مەسسیحەتەوە هەڵقووڵاوە، کە ڕژێمی بۆش هەڵگریەتی، یان بڕوای پێیەتی. ئەمەش بۆ بۆش خۆی لە پاراستن و یەکسانی نێوان ئادەمیزدی جیهان بەرجەستەدەکاتەوە.
سەبارەت بە ڕوانگە ڕیالیستیەکەش، کە نەوت، وەک فاکتەرێکی ئابووری دەبێتە جۆرێک لە هاوئاهەنگی بۆ ئامانجەکانی ڕژێمی ئەمریکی. مەسەلەی ئازادی ئاشتی، کە ئەمڕۆ خۆی لە خۆیدا گوتنێکی ساختەیە، چونکە ئەوە خۆی لە شتە ماددیەکاندا دەشارێتەوە. ئاشکرایە بە ڕێگەی ئەمریکای نوێنەری ئەو ئاشتی و ئازدیە بوو، کە سەددامێکی بکوژ دەسەڵاتی بونیاتنا.
لێرەدا دەبینین لە ئاخاوتنی ئەمریکیدا دەربڕینێکی مۆڕالی ئامادەیە، کە دەیەوێ لە وڵاتێکی وەک عێراق و ڕۆژهەڵات، کە "شەڕ و تاریکستانە"، ئارامی ئاسایشی بۆ دروست بکە. هەرچەندە بۆ خەڵکانێکی زۆر ئەو مەیلەی ڕژێمی بۆش بەمجۆرە هەست پێناکرێ.
بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژئاوا ،کە بڕیار لەسەر ئەو مافە سروشتی و ئەقڵانییە دەدات، وەک کەلچەرێکی ڕۆژئاوایی لە دژی دوژمنی دەرەکی و ناوەکی، کەچی چۆن دەکرێ یارمەتی نەتەوەیەکی وەک کورد بدات بۆ پاراستنی مافە سروشتی و هاوڵاتیەکانی خۆی؟ گەر دەسەڵاتی سیاسی کورد لە خودی خۆیدا، بە پرسی کۆمەڵگایەکەی، گوتارێکی ڕاشکاوی بۆ ماف ناخەمڵاندبێ، چۆن داوا ماف لە ئەویتر بکات؟

هەرچۆنێ بێت، لە کۆتاییدا کورد کاتێ دەتوانێ ئەو یارمەتیە دەستەبەر بکا بۆ وەرگتنەوەی ئەو مافە نەتەوایەتی و سروشتیانەی خۆی، کە هەم ئەو مافە بکاتە تێگەیشتنێک، کە ڕەگهاژۆ بێ لە گوتاری مافی ناتەوایەتی خۆیەوە، نەک نمایشکردنی ئەو مافانە بۆ مافدەر، هەمیش ئەو مافە بکاتە بە نەتەوەکردنی فەلسەفیانە، نەک بە حیزبکردن. بانگەشەکانی حیزبی کوردی کاتێ دەتوانێ خاوەن ڕوانگەیەکی ڕاستیەنەی نوێنەراتیکردنی دەسەڵاتی کورد بێت، کە هەم خۆی لە یاری بانگەشە کردن ڕزگار بکا، کە گویە مرۆڤی کورد نائاگایە لەو لە مافی خۆی و ، هەمیش دەبێ کۆمەڵگای کورد بکاتە خاوەنداری ئەو مافە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە، نەک خێزان و سەرکردەی خێڵەکان.

بەهاری 1994
ستۆکهۆلم-سوێد

ژێدەرەکان:


(1) Joakim Nergelius (red), Rättsfilosofi, samhälle och moral genom tiderne. Studentlitteratur, 2001, Stockholm, S. 13.
(2) Joakim Nergelius, S. 14.
(3) ) Joakim Nergelius, S. 12.
(4) ) Joakim Nergelius, S. 13.
(5)Aristoteles, *Den nikomachiska etiken*, översättning av Mårten Ringbom, Daidalos, Göteborg 1988 , v. 1331a.3.
( 6) ) Joakim Nergelius, S.18
(7)Thomas Hbbbes, *Leviathan*, Ed. Richard Tuck, companion to Hobbes, Cambridge University Press, 1996, kap.xx.
(8)Hobbes, Introduktion.
(9)Arne Nass, *livesfilosofi*, över. Mona. C. Karslon, Natur och kultur, Stockholm, S. 97-
گۆڤاری Arena, *Kriget i Irak, USA:s politik och Europas savar,* وە گێڕانی Carl Henrik Fredriksson ژمارە 59،
سێپتێمبەری 2003، لاپەڕە 35-38 (10)